Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.1008

# نەخۆشییە زمانییەکان / ئاستی دەنگسازی بە نموونە

**سلام رحیم رشید**

سەرۆکایەتی زانکۆ، زانکۆی گەرمیان

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised:February,2019

Accepted:April,2019

***Keywords***

نەخۆشییەکانی زمان، ئاستی دەنگسازی

***Corresponding Author***

Salam.Rahem@garmian.edu.krd

## پوختە

توێژینەوە لە نەخۆشییەکانی زمان بە هەموو ئاستەکانییەوە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆی زمانەوانیدا وەکو بابەتێکی زانستی و سەردەمییانە ، گرنگ و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە ، ئەویش بەهۆی ئەوەی لێکۆڵینەوە لەم لقەی زانستی زمان ڕۆچوونە بە ناو پەیوەندی زمان و پسپۆری و زانستەکانی تری وەك (پزیشکی دەماری وساکۆلۆژییە و کۆمەڵایەتییەوە)، واتە ئەم پسپۆرییانە دەکرێنە نەخشەڕێگا بۆ دۆزینەوەی جۆری نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان لە هەمان کاتدا .

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی (نەخۆشییە زمانییەکان / ئاستی دەنگسازی بە نموونە) کە لقێکە لە زمانەوانی کارەکی ، مەبەستی سەرەکی لێی ناساندنی بابەتەکە و خستنەڕوی جۆرەکانی و هۆکارەکانییەتی . لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکی و دوو بەش پێکهاتووە: لە پێشەکیدا وەك دەروازەیەك بۆ چوونە نێو لێکۆڵینەوەکە ، ناونیشان و هۆی هەڵبژاردن و گرنگی و ڕێباز و سنووری لێکۆڵینەوەکەمان باسکردووە.

لەبەشی یەکەمدا هەوڵمانداوە چەمك و پێناسەی نەخۆشییە زمانییەکان و هۆکارەکانی کەخۆی لە هۆکاری (ئەندامی و دەروونی و ژینگەی کۆمەڵایەتی)دا دەبینێتەوە ، تیشکی بخەینە سەر و دواتر ئاماژە بە ڕێگا چارەکانی نەخۆشییە زمانییەکان کراوە. لەبەشی دووەمدا کە کرۆکی باسەکەی ئێمەیە باس لە نەخۆشییە زمانییەکانی ئاستی دەنگسازی هۆکارەکانی کە ئەویش خۆی لە هۆکاری ئەندامی و نائەندامی دەبینێتەوە تیشکی خراوەتە سەر، و لەکۆتایشدا گرنگترین ئەنجامە بەدەستهاتووەکان ، لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان ، و کورتەی توێژینەوەکە بە هەرسێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## پێشەکی

زمان هۆکاری بەستنەوەی تاکە بە کۆمەڵ و بنەمای سەرەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە و دەبێتە هۆی دروستکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی ، چونکە مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە (نەخۆشییە زمانییەکان / ئاستی دەنگسازی بە نموونە)، توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لە لەم بوارەدا، یەکێکە لە بابەتە هەرە ئاڵۆز و نامۆکانی زمانەوانی کارەکی ، ئەو هەوڵ و لێکۆڵینەوە و نامە ئەکادیمیانەی لەم بوارەدا بەرچاو دەکەون لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەن، بە سوود وەرگرتن لەو هەنگاوانەی پێشوو ، ئەم لێکۆڵینەوەیە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕو و لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی نەخۆشی وئاریشە زمانییەکان بەگشتی ، ئاستی دەنگسازیدا بە تایبەتی .

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە، دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی بابەتەکە، واتە (نەخۆشییە زمانییەکان) و ناساندنی ئەم دیاردە زمانییەیە ، کە لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا بووە بە جێی بایەخی زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتی جیهان، و بەو ئاراستەیە کاردەکەن ولێکۆڵینەوەی زۆری لەسەر دەکرێت، لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ ئەم گرفتە لەڕێگەی چارەسەری زمانییەوە.

ئەو ڕێبازەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا پەیڕەو کراوە ، ڕێبازی پەسنی شیکارییە و کەرەسەی لێکۆڵینەوەکە بریتییە لە زمانی قسەکردنی

کەسانی توشبوو بەم ئاریشە زمانییە لە زمانی کوردی (دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست) ، (شێوەزاری سلێمانی)دا.

ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی لێکۆڵینەوەکە ، پێکهاتووە لە دوو بەش.

لەبەشی یەکەمدا بەشێوەیەکی گشتی تیشک خراوەتە سەر نەخۆشییە زمانییەکان لەڕووی (چەمك و پێناسە) و ئەو لقانەی تری زمانەوانی، کە پێوستە بۆلێکۆڵینەوە لە نەخۆشییە زمانییەکان ڕەچاوبکرێن و سوودی لێوەربگیرێت ، پاشان هۆکارەکانی ئەم نەخۆشییەو ڕێگاچارەکانی خراونەتە ڕوو.

لەبەشی دووەمدا تیشك خراوەتە سەر نەخۆشییە زمانییەکانی ئاستی دەنگسازی و خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەو دەنگانەی کە ئاخێوەرانی دووچاری ئەم گرفتە دەبنەوە ، هەروەها لێکۆڵینەوە لە هۆکارە ئەندامی نا ئەندامییەکانی ئەم نەخۆشییە، لە ئاستی دەنگسازیدا کراوە.

## بەشی یەکەم

### نەخۆشییە زمانییەکان (چەمك و پێناسە).

زانستی نەخۆشییە زمانییەکان (Speech-language pathology)، یان تێکچوونەکانی گوتن (Speech- Speech disorders)[1] لقێکە لە زمانەوانی کارەکی و لەلایەن زانایان و پسپۆرانی بواری درکاندن (النطق)ەوە دامەزراوە، یەکێکە لەو زانستانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بۆتە جێی بایەخی زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتوی جیهان، ئەم نەخۆشییە بریتیە لەو دیاردانەی کە دەبنە گرفت و لەمپەر لە بەردەم کردەی دەربڕین و ئاخاوتن لە نێوان مرۆڤەکاندا ، بەپێی تەمەنە جیاجیاکان هەستیان پێدەکرێت ، یاخود بریتییە لە هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی ڕووبەڕوی درکاندن دەبنەوە لە کردەی ئاخاوتندا ، بێگومان ئاخاوتنیش بریتییە گفتوگۆکردن و قسەکردن لە نێوان دوو کەس یان زیاتر، بۆ ئەنجامدانی ئاخاوتن مەرجە قسەکەر و گوێگر هەبن و ڕۆڵەکانیان بگۆڕنەوە ، بەم جۆرە ئاخاوتن بەشێوەیەکی زنجیرەیی نەپچراوی دەنگ بەسەر یەکەوە لەزاردێتە دەر، بەڵام نەك لەکۆمەڵە دەنگێکی هەڕەمەکی ، بەڵکو کۆمەڵە دەنگێکی ڕێکخراو کە بریتییە لە ڕێزمانی سیستەمی دەنگسازی و مۆرفۆلۆجییەکان، کە واتا بگەیەنێت، کەواتە هەموو زنجیرە دەنگێکی دەربڕاو نابێتە ئاخاوتن، ئەگەر واتایەك نەبەخشێت ، ئەو بیرەی کە لە مێشکی مرۆڤدایە ، ناچێتەمێشکی مرۆڤاکانی ترەوە ، بەڵکو دەبێت هۆکارێك هەبێت کە بتوانرێت بیری مرۆڤی بخرێتە سەرو بگوازرێتەوە بۆ مرۆڤێکی تر، بۆیە مرۆڤ ئەو بیرەی لە مێشکیدایە تێکەڵ بە دەنگ دەکات ، بۆیە هەندێ جار بەهۆی ئەم دیاردەیەوە یان ئەم نەخۆشیانەوە ئەو دەنگانە بەشێوەیەکی گونجاو و ڕێکخراو نایەنە گۆکردن و دەربڕین ، بێگومان هەندێك لەو گیروگرفتە زمانیانە دەکرێت بۆماوەیی بێت ، بەڵام هەندێکی تریان بەهۆی نەخۆشی، یان کارەساتێك توشی مرۆڤ دەبێت، یاخود دەوترێت ئەم دیاردەیە ڕێگرە لەوەی کە ئاخێوەر نەتوانێت بەشێوەیەکی دروست و گونجاو پەیوەندییە زمانییەکانی لەگەڵ دەوروبەردا ببەستێت.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەم زانستە (زانستی نەخۆشییە زمانییەکان) دەکرێت لە ڕوانگەی چەند لقێکی زمانەوانییەوە لێی بکۆڵرێتەوە ئەوانیش بریتین لە (زمانەوانی دەماری)* و (زمانەوانی دەروونی)* و (زمانەوانی کلینکی)*.

### هۆکارەکانی نەخۆشییە زمانییەکان

بێگومان کۆمەڵێك هۆکار هەن کە دەبنە گرفت و ئاستەنگ لە بەردەم کردەی درکاندن ، و دەکرێت لەیەکتری جیا بکرێنەوە، یان دەتوانین بڵێین هۆکارەکانی نەخۆشییە زمانییەکان، جۆراوجۆرو فرە ڕەهەندن و دەبنە هۆی دروستبوونی ئەم نەخۆشیانە، کاریگەری هەر یەکەشیان بەپێی جۆری هۆکارەکان، پێویستە بە

[1] Disorder لە زمانی ئینگلیزیدا بە واتای (نارێکی ، نەخۆشی ، ئاژاوە، ئاڵۆزی ،شێواو ، ئاریشە ، دارمان)، بەکارهاتووە لە زمانی عەرەبیدا بۆ ئەم مەبەستە زاراوەکانی (عیوب ، اعتلال ، اضطرابات ، انهیار) بەکارهاتوون. هەروەها زاراوەی (ئاریشە) لە هەمبانە بۆرینەدا بە واتای (دژوار، زەحمت) هاتووە، بەڵام هەڵبژاردنی زاوەی (نەخۆشییە زمانییەکان) لە ڕوانگەی زمانەوانی (کلینکی)یەوە سەرچاوەی گرتووە ، بەو پێیەی زمانەوانی کلینکی خاڵی بەیەکگەیشتنی زانستی پزیشکی و زانستی زمانە ، هەوڵی دیاریکردنی نەخۆشییەکانی زمان و چارەسەر کردنی ئەو نەخوچشییانە دەدات کە لە کاتی قسەکردندا تووشی مرۆڤ دەبێت .

* زمانەوانی دەماری : ((زانستێکە لە پەیوەندی نێوان دەمارەکان و زمان، شڵەژاوی زمانی و دەماری دەکۆڵێتەوە دەتوانین بڵێین پەیوەستە بەو ئەرکەی کە مێشك ئەنجامی دەدات لە فێربوونی زمان و بەکارهێنانیدا)) (یوسف شەریف سەعید 2011: 22) لێکۆڵینەوە لە هەستەدەمارەکان دەکات لەڕوی پێکهاتە و، بنەمایە بۆ کارکردن لەسەرگەشەی زمان و بەکارهێنانی زمان و فێربوونی زمان و دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ گرفتە زمانییەکان.

* زمانەوانی دەروونی : ئەم لقەی زمانەوانی لە پەیوەندی نێوان زمان و بیر و هۆکاری دەروونی و کاریگەرییەکانی لەسەر زمان دەکۆڵێتەوە ، و گرنگی بە ئاریشەکانی درکاندن و چارەسەر کردنیان دەدات، واتەبەشێوەیەکی گشتی لە پەیوەندی نێوان دەروونی مرۆڤ و زمان دەکۆڵێتەوە، هەروەها لێکۆڵینەوەیە لە کردەی هزری کە ئاخێوەر بەکاری دەهێنێت لە کردەی درکاندن و بەرهەمهێنانی زمان و تێگەیشتن.

* زمانەوانی کلینکی : ئەم لقەی زمانەوانی بەدوای ڕێگاچارەکانی ئاریشە و کەم وکورتییەکانی گوتندا دەگەڕێت ، بە سوود وەرگرتن لە زانستی پزیشکی و زانستی زمان

هەند وەربگیرێت، چونکە لە هەندێك باردا دەبێتە مایەی لە دەستدانی توانای لێکگەیشتن و پەیوەندیکردن، بۆیە لەڕێگەی خستنەڕوی ئەم هۆکارانەوە، دەستنیشانی جۆری نەخۆشییە زمانییەکە دەکرێت، ڕەنگە لە جۆرێکیاندا هۆکاری بایۆلۆژی بێت، لای ئەوی دییان دەروونی، یان کۆمەڵایەتی بێت، (بەهرە محەمەد عەبدول کریم ، 2015 ، 8) .

1/2/1 : هۆکاری ئەندامی:

وەکو ئاشکرایە زمان پێڕەوێکی ئاڵۆز و داخراوە کۆمەڵێك ئەندام لەڕووی توانای فسیۆلۆجی زمانییەوە* بەشداری تێدا دەکەن، ئەم ئەندامانەش فەرمانەکانی مێشك جێبەجێ دەکەن لە کردەی دەرکاندا، بوونی هەرکێشەیەك لە هەریەك لە ئەندامەکانی ئاخاوتن دەبێتە هۆی گرفتی زمانی (صهيب سليم محاسيس 2012 : 36)

هۆکارە ئەندامیەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو گرفتانەی کەتوشی کۆئەندامی دەماری وهەندێجاریش کۆئەندامی ئاخاوتنی ئاخێوەردەبێتەوەو، کە ئەویش بریتییە لە گروپێك تێکچوون و باری ناتەواوی جۆراوجۆر لە سیستەم و پێڕەوی مێشکی مرۆڤ، چونکە زمانی مرۆڤ لەڕووی( ئاختن و نوسین و گوێگرتن)، ئەمانە هەموو لە ژێر کۆنترۆڵی مێشکدان، (محمد محمد داود : 2001 : 145) مێشکی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی لەدوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، ئەوانیش بەشی لای ڕاست و بەشی لای چەپ، هەریەکە لەم بەشانە کاری تایبەتی خۆیان هەیە، بەشی لای چەپ بەرپرسە لە ئاگایی مرۆڤ و زانیاری زمان و ژیرێژی و ماتمتیك و مێژوو نووسین، بەڵام لای ڕاست بەرپرسە لە ئەندێشەو بۆچوون و داهێنانە هونەرییەکانی مرۆڤ وەك وێنەکێشان و پەیکەر تاشین و ئاواز دانان هتد (یارا قادر حەمەد 121-122: 2015) ، زمانی مرۆڤ لە پێشەوەی نیوەی چەپی دەماغی مرۆڤدا باڵا دەستە، ئەم بەشە بەرپرسە لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی وشەو ڕستە ، کە بە ناوچەی (برۆکا) ناسراوە بۆیە ئەوانەی کەبەشی نیوەی چەپی مێشکیان، یان (ناوچەوانە پڵ)*یان ، زیانی پێدەگات توشی زمانگیران دەبن بە بەراورد بە بەشی لای ڕاستی دەماغ ، (جمعە سيد يوسف : 1990 : 165-166) ، مێشکی مرۆڤ ئەندامێکی سەربەخۆیە، بەڵام ئەمە ڕێگە لەوە ناگرێت کە مێشك دەسەڵاتی بەسەر ماسولکەکانی جەستەدا هەبێت، چونکە هەرچی ماسولکەی مرۆڤیش هەیە وەکو پێکهاتەیەکی جیاواز لە ئەندامەکانی تر دەستنیشان دەکرێن، بەڵام ماسولکەش وەك ئەندامێکی سەربەخۆ لەژێر دەسەڵاتی مێشکدایە (عبدالكريم محمد شطناوی، و. ئازاد ئەمین باخەوان ، ناصح محمد 2011: 160)، واتە ماسولکەکانی ئاخاوتنیش کە بە هەڵسوڕێنەری ئەندامە سەرەکییەکانی درکاندن دادەنرێن وەك (لێوەکان ، زمان ، ژێیەکانی قوڕگ ، مەڵاشوو ، لووت ..هتد) ، بوونی هە گرفتێك لە مێشکدا بەتایبەت ئەو بەشەی مێشك کە بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی زمان دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت و ئاریشە لە زماندا، بۆ یە لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکاندا هۆکارە زمانییە دەمارییەکانی نەخۆشییە زمانییەکان لە هۆکارە زمانییە ماسولکەییەکان جیابکەینەوە.

لەبەر ئەوەی کردەی ئاخاوتن و گەیاندن پرۆسەیەکی ئاڵۆز و تێکچڕاوە، کۆمەڵێك کۆئەندام ، کە هەریەکەیان کارو فرمانی گرنگ بەرجەستە دەکەن بەشدارن تیایدا، و ناکرێت ئەرك و گرنگی هەریەك لەمانە بەهەند وەرنەگرین، ئەمانەش وەکو کۆئەندامی (ئاخاتن و بیستن و دەمار)، بەڵام ئەرکی سەرەکی و گرنگ، کۆئەندامی دەمار بەڕێوەی دەبات، بۆیە هەندێ جار بوونی هەر گرفتێك لەم کۆئەندامە چارەسەری ئەستەمە (نادراحمد جرادات :2019 :136)، مێشکی مرۆڤ بەرپرسە لە زمان و کردەی گەیاندن و لەیەکتر گەیشتن و هەموو پەیوەندییەکان و نووسین و گوێگرتن ئەمە جگە لەوەی مێشك دەسەڵاتی بەسەر هەموو ماسولکەکانی جەستەدا هەیە ، ئەمەش لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە ، کۆئەندامی ماسولکەش وەك پێکهاتەیەکی جیاواز پۆلێن دەکرێ تەماشا دەکرێت، بۆیە بوونی هەر گرفتێك لە دەمارەکانی مێشك، بەتایبەت ئەو بەشەی کە بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی زمان دەبێتە مایەی گرفتی زمانی (پول فلیتشەر : و. ئەمیر محمد محمدئەمین : 2014 : 19).

مێشك Brain بریتییە لەو پێکهاتەیەی کە لە کاسەی سەری مرۆڤدا پارێزراوەو بەرپرسە لە کارلێکە کیمیای و میکانیکی و کارەباییەکانی لەشی مرۆڤ، و لەناو ئەم پێکهاتەیەدا زانیارییەکانی مرۆڤ لە شێوەی تەزوی کارەبایی و پرۆسەی کیمیایدا دەگوازرێنەوە(بەهرە محەمەد عەبدول 15 :2015).

- نەخۆشییە زمانییە دەمارییەکان بریتین لە.

* - پێویستە ئەو ڕاستییە بزانین کە هەندێك هەڵەی (زمان تێکەڵکردن) هەن ناکرێت بخرێنە چوارچێوەی نەخۆشییە زمانییەکانەوە چونکە ئەو هەڵانە لە ئەنجامی پەلەپەلکردن و نەبوبوونی خۆئامادەکردنی پێشوەخت بۆ گفتوگۆ و چڕی لەبیردا دروستدەبێت، کە لەئەنجامدا مۆرفێمێك لە شوێن مۆرفێمێکی تر ، یان وشەیەك لە بری وشەیەکی تر دەردەبڕێت. یان تێکەڵکردنی دوو وشەی جیاوازو دەربڕینی بەیەك وشە ،وەك تیکەڵکردنی (هەنار) و (خەیار) لە ئەنجامی پەلەکردن بە (خەنار).

* ناوچەوانە پڵ: وەکو لە ناوەکەیدا هاتووە دەکەوێتە بەشی پێشەوەی مێشك و چەند ئەرکێك جێبە جێ دەکات وەك (هەست و سۆز،هەڵس و کەوت و کەسێتی ، ژیبێژی ، پلان ڕێگە چارە ، جووڵە خۆویستەکان ، قسەکردن ، یادەوەری ، بڕیاردان لە چاکەو خراپە). (یارا قادرحەمەد 124 :2015).

1- ئۆتیزم : (Autism).

ئۆتیزم لەڕوانگەی زانستی کلینکییەو بە جۆرێك لە نەخۆشی زمانی ئەژمار دەکرێت ، بەڵام لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە یەکێکە لە گرفتە زمانییەکان، بریتییە لە تێکچوونی گەشەی مێشك، کە کاریگەری دەبێت لەسەر کارو چالاکییەکانی مێشك، ئەمەش بەهۆی تێکچوونی دەمارە خانەکانەوە (یارا قادر حەمەد : 2015 : 131)، کە دەبێتە هۆی لاوازی پەیوەندی زمانی و نازمانی.

2- ئەفازیا : (Aphasia).

ئەفازیا بەگشتی و (ئەفازیای برۆکا) بەتایبەت ، یان زمانگیران، بریتییە لە لەدەستدانی توانای درککردن و گواستنەوەی بیرە بۆ ئاخاوتن ، یان نووسین ، یان ئاماژە ، یان پەککەوتنی توانای زمانە بە هەموو شێوەکانییەوە (ئاخاوتن ، خوێندنەوە ، نووسین ، تێگەیشتن)، (جمعە سید یوسف: 1990 : 178)، ئەفزیا نەخۆشییەکی زمانی دەسکەوت (مکتسب)ە نەك بۆماوەیی، چونکە لە ئەنجامی بەرکەوتنی زیان بە لای چەپی مێشکی مرۆڤ کە بەرپرسە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی زمان دروست دەبێت* هەروەها نەخۆشی زمانی فرە مۆدێلیشی پێدەگوترێت (Multimodal Language Disorder) . لێکۆڵەران بەپێی جۆری زمانگرتنەکە ئەفازیا دابەش دەکەن بۆ چەند جۆرێك لەوانەش : 1-ئەفازیای برۆکا ، 2- ئەفازیای ڤێرنیکا ، 3- ئەفازیای ئەنۆمیا ، 4- ئەفازیای وەرگرتن، 5- ئەفازیا دەربڕین ، 6- ئەفازیای گەیاندن..هتد. (بەهرە محمد عبدالکریم : 2015 :18).

3-داون سیندرەم : (Down Syndrom).

ئەم جۆرە نەخۆشییەی زمان، نەخۆشییەکی بۆماوەییە، تووشی ئەو ناوچانەی مێشك دەبێت کە بەرپرسە لە زمان و لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی دواکەوتنی گەشەی مێشك و جەستە و زمانیش، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ناچوونیەك ، یان بوونی بەشی زیادە لە کرۆمۆسۆمی (21) (هەمان سەرچاوە).

لەشی مرۆڤ لە خانە پێکهاتووە، هەرخانەیەك ناوەندێکی هەیە پێی دەوترێت (ناوك).ئەم مادەیە بۆماوەییە بە جین ناسراوە و بەرپرسە لە گواستنەوەی ئەو تایبەتمەندیانەی کە لە باوانەوە بۆ نەوەکانی دەگوازرێنەوە ، ئەم جینانەش دابەش دەبن بۆ چەند گروپێك پێی دەوترێت کرۆمۆسۆم. بەشێوەیەکی ئاسایی لە ناوکی هەر خانەیەکدا (23)جووت کرۆمۆسۆم هەیە کە نیوەی لە باوکەوە و نیوەی لە دایکەوە بۆی دەگوازرێتەوە. زیادبوونی لە ڕادەبەدەری مادە بۆماوەییەکان و زیادبوونی فۆرمی جینەکان بە درێژایی کرۆمۆسۆمی (21) ، دەبێتە هۆی دروستبوونی داون سیندرەم.(یارا قادر حەمەد: 2015 : 140 – 141).

**هۆکارە زمانییە ماسولکەییەکان**

بریتین لەو هۆکارنەی کە دەبنە لەمپەر و گرفت لەبەردەم کۆئەندامی ئاخاتن و ڕێگری دەکەن لە ئەنجامدانی ئەرکەکانیان بەشێوەیەکی دروست، لە ئەنجامدا تێکچوونی دەنگی، وبەهەڵە ڕیزکردنیان لەلایەن ئۆرگانەکانی بیستن و ئاخاوتن دروست دەبێت، نەخۆشییە زمانییە ماسولکەییەکانیش دابەش دەبن بۆ دوو جۆرئەوانیش بریتین لە گرفتی دەربڕین و بیستن.(ppt اضطرابات النطق والکلام/265837

https://www.scribd.com/

1-نەخۆشیە ئەندامییەکان:

هەموو کردەیەکی زمانی، یان ئاخاوتن، پێویستی بە پرۆسەی دەربڕین و بیستنی تەواو هەیە، بۆیە بوونی هەر ئاریشەو ناتەواوییەك لەم دوانە دەبنە ڕێگر لە بەردەم ئەنجامدانی ئەم پرۆسەیە. ئەم جۆرە نەخۆشییە واتە نەخۆشییە ئەندامییەکان پەیوەستن بەو ماسولکە ئەندامیانەی کە پرۆسەی زمان جێبەجێ دەکەن لەوانەش ئۆرگانەکانی ئاخاوتن. چونکە دروستکردن و دەربڕینی دەنگ پەیوەستە بە شوێن و جوڵاندنی ئۆرگانەکانی دەنگ دروستکردن و دەنگ بەرهەمهێنان، کە لە سییەکانی مرۆڤە دەستپێدەکات و بەڕێڕەوی زاری و لوتی کۆتایی دێت . مەرج نییە نەخۆشییەکانی ئۆرگانەکانی ئاخاتن ، یان کۆئەندامی بیستن بۆماوەیی بێت ، بەڵکو هەندێ جار لە ئەنجامی ڕوداوێك یان نەخۆشی، مرۆڤ یەکێ لە ئەندامەکانی ئاخاوتنی لەدەستدەدات یان زیانی پێدەکەوێت.(عبدالکریم محمد شطناوی و . ئازاد ئەمین باخەوان ، ناصح محمد : 2011 : 175). هەڵبەتە بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئاخاوتن و پەیوەندیکردن بە شێوەیەکی تەواو ، کۆئەندامی بیستنیش بەشداری دەکات ، بۆیە بوونی ناتەواوی لەم کۆئەندامە دەبێتە هۆی دروستبوونی گرفت . واتە " بوونی ئاریشە لە ئەرکی یەکێك لە ئەندامەکانی درکاندن وەك (پوك ، مەڵاشو ،قوڕگ ، زمان ، لێو ، لوت ، بۆری هەناسە) دەبنە لەمپەر لەبەردەم کردەی گەیاندن و پەیوەندی زمانی"(سهیب سلیم محاسیس : 2012 : 60).

2- نەخۆشییەکانی بیستن :

ئەم جۆرە نەخۆشییە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە نابیستنی مامناوەندیان هەیە ، واتە ئەو کەسانەی نابیستی تەواون ناخرێنە ئەم چوارچێوەیەوە، چونکە نابیستی تەواو زمان وەرناگرێت ،مەبەستمان زمانی ئاخاوتنە ، و کەسانی نابیستی تەواو زمانی ئاماژە یان جەستە وەردەگرن.

* - لای چەپی مێشك بەرپرسە لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی زمان (ئاخاوتن ، نووسین ، خوێندنەوە ،شرۆڤەکردن ،تێگەیشتن) و چەندین ئەرکی تر بۆزانیاری زیاتربڕوانە (یارا قادرحەمەد 2015 : 121-123).

ئەم نەخۆشیە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە کێشەیان لە کۆنترۆڵکردنی بیستن و گوێگرتن ، هەروەها ناسینەوەی دەنگەکان و جیاکردنەوەیاندا هەیە ، توشبوانی ئەم گرفتە هەندێ جار لە کاتی ئاخاوتن بەدەنگی بەرز دەدوێن ، چونکە تەنانەت بە کزی گوێبیستی دەنگی خۆشیان دەبن.

زانایان جۆرەکانی نابیستییان بۆ سێ جۆر پۆلێنکردووە

1-"نابیستی تەواو.

2-نابیستی مام ناوەند.

3-نابیستی هێواش."(عبدالکریم محمد شطناوی . و . ئازاد ئەمین باخەوان ، ناصح محمد: 2011: 184).

## هۆکارە دەروونییەکان

سەرەڕای هۆکاری ئەندامی، هەندێ هۆکاری دەروونیش ڕۆڵ دەبینن لە نەخۆشییەکانی گوتن و درکاندن و ئاخاوتن ، بەتایبەتی لە منداڵاندا ، وەك ترس و دڵەڕاوکێ و جەنگ و تۆقاندن و کارەساتی سروشتی وەك ئاگر و لافاو بومەلەرزە ، یان نەبوونی بروابەخۆبوون و لێکترازاندنی خێزانەکان و بێبەش بوون لە سۆزی کەسە نزیکەکان وەکو سۆزی دایك و باوك، یاخود نازپێدانی لە ڕادەبەدەر ، یان زۆرلێکردنی دایك و باوك لە منداڵ بۆ راست درکاندن و ئاخاوتن و پەروەردەی نادروست ، ئەمانە هەموو دەبنە دروستکەری کێشەی دەروونی، بۆیە ناهاوسەنگی لایەنی دەروونی دەبێتە ڕێگە خۆشکەر بۆ تووشبوون بە ئاریشەی زمانی،(محمود احمد السید : 2014-2015 : 125)، واتە دەکرێت ئەگەر منداڵێك هیچ کێشەیەکی دەماری و ماسولکەیی نەبێت، بەڵام گرفتی زمانی هەبێت کە خۆی لە ژمارەیەك دووبارەبوونەوەی نائاسایی و دوودڵبوون و درێژەدان ، بۆنموونە تەلەعسوم (تلعثم/زمانی تێکەڵ و پێکەڵ) واتە ڕاڕایی لە گوتن و هەندێك جار دووبارەکردنەوەی برگەو درێژکردنەوەی وشەو ، وەستان ، گەڕانەوە لە درکاندنی دەنگەکان ، یەکێکە لەو حاڵەتانە،(یارا قادر حەمەد 2015: 111-110)، یان بێزاری و شلەژان و پەشۆکاوی پێوە دیاربێت، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ڕاستییەی کە ئەگەر منداڵ لەڕووی دەماری و ماسولکەییەوە کێشەی نەبوو بەواتای ئەوە نییە کە گرفتی زمانی نییە ، بەڵکو لایەنی دەروونی و هۆشەکی و ژیری منداڵ لایەنی سەرەکی زمانن لە ئاخاوتندا.(ئاڤێستا کەمال محمود : 2013 : 121).

## هۆکاری ژینگەیی کۆمەڵایەتی

مەبەست لە ژینگەی کۆمەڵایەتییە، ژینگەی پەروەدەکردنی منداڵ چ لەماڵ یان لە ناو کۆمەڵگە، بێگومان هەندێك جار نەبوونی ژینگەی گونجاو یان گۆڕینی ژینگەی منداڵ کار لە زمان و ئاخاوتنی دەکات و تووشی زمان گیرانی دەکات، "واتە ژینگەو دەورو بەر کاریگەری لەسەر پەرەسەندنی سروشتی زمان هەیە، ئەمەش روونە لە تێڕوانینی منداڵێك ، کە لە ژینگەیەکی دەوڵەمەندا لە لایەنەکانی زمان و ڕۆشنبیرییەوە بژێت، یەکێکی تریش لە ژینگەیەکی هەژار لە هەردوو لایەنەکەوە بژێت، ژینگە لاوازەکە لەبەردەم پەرەسەندنی زمان دەبێتە ڕێگر و لەڕووی وشە و دەستوورەوە لاوازی دەکات"، (نایف خرما . و . شهاب شێخ تەیب : 2013 : 228)، چونکە ژینگەی دەوڵەمەند لایەنەکان و ڕێگاکانی فێرکاری و تەکنەلۆجیا و ڕۆشنبیری و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بەهێزە و گرنگییەکی زۆر بە فێربوونی زمان دەدرێت ، بەڵام ژینگەی هەژار و دواکەوتوو تاڕادەیەك زمانی منداڵ دەشێوێنێت پشتگیری و هانی منداڵ بۆ فێربوون و ڕاستبێژی نادات ، بۆ نموونە ئاراستەکردنی پرسیار بەخێرایی و سوربوون لەسەر وەڵامدانەوەی ، بەتایبەت ئەگەر سزاو سەرزەنشتی لەگەڵدابێت،(عبدولواحید موشیر دزەیی : 2014 : 122) ، ئەمانەو چەندین هۆکاری تر وەکو پەلەکردنی دایك و باوك لە منداڵ بۆفێربوونی زمان و ، یان هەوڵدانیان بۆ فێربوونی زمانی تر بەشێوەی نا درووست و نا زانستیانە. هەموو ئەمانە پێویستیان بە چەندین جۆری چارەسەر هەیە، بەردەوام بوونی ئەم دیاردە یا ئەم نەخۆشییە چەندین کێشە بەدوای خۆدا دەهێنێت هەر لە بێهێزی کەسایەتی، و هەڵچوونی باری دەروونی لە ئەنجامی گاڵتەپێکردن و پێبەشبوون لە هەندێ پلەو پایە و پیشە...هتد.

3/1 : ڕێگا چارەسەرییەکانی نەخۆشییە زمانییەکان :

لێکۆڵەران کۆمەڵێك ڕێگاچارەیان دیاریکردووە بۆ ئەم نەحۆشییە، کە دەکرێت بە پیادەکردنیان سودی بەرچاو بگەیەنێت بەکەسی توشبوو، لەوانەش چارەسەری جەستەیی، ژینگەیی، دەروونی و چارەسەری پزیشکی، کە دوورە لە پسپۆری ئێمەوە، بۆیە دەکرێت پۆلێنیان بکەین بەم شێوەی لای خوارەوە.

1-چارەسەری جەستەیی، یا پزیشکی : مەبەست لێی دڵنیا بوونە لەوەی کەسی توشبوو هیچ جۆرە کێشەیەکی پێکهاتەی ئەندامی ( دەماری ماسولکەیی) لە کۆئەندامی بیستن و درکاندنیدا نییە ، بەواتای جەختکردنەوە لە نەخۆشییە ئۆرگانییەکان بەتایبەت لایەنی جەستەیی و پێکهاتەیی لە کۆئەندامی دەمار و بیستن و قسەکردن، چارەسەر کردنیا لە ڕێگای نەشتەرگەری، یان ئەوانەی کێشەی بیستنیان هەیە بە بەکارهێنانی بیسەر (سماعە)ی گوێ( علاج-اضطرابات-النطق-والكلام-عند-الاطفال/https://mawdoo3.com)

2-چارەسەری دەروونی: ئامانج لێی چاەسەری کێشە دەروونییەکانە وەك ترس و دڵە ڕاوکێ و تەنگەژەی دەروونی ،

گرنگی دان بەکەسایەتی کەسی تووش بوو و دانانی سنوور بۆ شەرم و دۆزینەوە و چارەسەر کردنی هەموو گرفتەکانی (عەبدولواحید موشیر دزەیی : 2014 : 124)، بەتایبەت لە منداڵندا.

3-چارەسەری زمانی یان بە قسەکردن :ئەم ڕێگە چارەسەرە ، بەتایبەتی بۆ حاڵەتی تێکچوونی درکاندنی دەنگەکان (Articulation disorder) کە پێویستە پیادەبکرێت ، ئەمەش خۆی لە چەند شێوازێکی ڕاهێنانی دەربڕینەکان بە شێوەیەکی ڕاست و تەندروست دەبینێتەوە، یان لە ڕێگەی پرۆگرامی (Lipreading)خوێندنەوە بەلێو، (نادر احمد جرادات : 2009 : 189)، یاخود ڕاهێنانی کەسی توشبوو بۆ قسەکردن بەشێوەی پلیکانەیی هەنگاو بە هەنگاو، و ڕاهێنانی کۆئەندامی دەربڕین و بەهێزکردنی ماسولکەکانی. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە (یارا قادر حەمەد:95-96 :2015).

4-چارەسەری ژینگەیی : بەشداریپێکردنی کەسی تووشبوو بەتایبەت منداڵ لە چالاکییە کۆمەلایەتی و هونەری و وەرزشییەکان بەمەبەستی تێکەڵبوونی لەگەڵ منداڵانی دی، بواری پێدانی تاکو کەسایەتی گەشەبکات و پشت بەخۆی ببەستێت، (هەمان سەرچاوە : 190).

## بەشی دووەم

نەخۆشییە زمانییەکانی ئاستی دەنگسازی:

پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەنگەزمانییەکان (Articulation)

پرۆسەیەکی ئاڵۆزە ، ئەوەی بەشداری تێدا دەکات بریتییە لە پلانی گونجاندن و بەڕێوەبردن و ڕێخستن و جوڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن وەك (زمان ، مەڵاشو ، لێو ، ددان ..هتد ، ئامانجی سەرەکی بەگەڕخستی ئەم ئۆگانانەش ڕوونی گەیاندن ، یان ئاخاوتنە. واتە ئەم پرۆسەیە خۆی لە بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکاندا دەبینێتەوەکە کاردەکەنە سەرتوانای تێگەیشتن. (www.misd.net/seconsult/Articulation/pdf).

چەمکی (دەنگسازی/فۆنۆلۆجی) بۆ نەخۆشییەکانی گوتن، ( voice disorders) لە شەستەکانی سەدەی ڕابردووە هاتووەتە نێو نەخۆشییەکانی گوتن، بێگومان ئامانجی سەرەکیش لێی، شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی گیروگرفت و هەڵەکانی درکاندنە ( پۆل فیتشەر : و . ئەمیر محمد محمەد ئەمین : 2014: 55) ئەم نەخۆشییە بریتییە لە تێکچوونی شێوازی دەربڕین و درکاندنی دەنگ و لەرینەوەی دەنگە ژێکان گۆڕینی نەبزوێن بە بزوێن و زیادکردنی دەنگی نەشیاو کە دەبێتە هۆی تێکدانی واتای وشە ، یان درێژکردنەوەی دەنگێك لەناو وشەیەکدا ، وەك نەخۆشی لاڵەپەتەیی (تلعثم – جلجلە)، یان زمانگیری، یان دروستبوونی هێشووە کۆنسنانت، هەندێ جاریش هێشووە ڤاوڵ (محمد حسن عبدالعزيز : 1983 : 104).

زۆربەی لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان سەلماندووە نەخۆشییەکانی ئاستی دەنگسازی/فۆنۆلۆجی زیاتر تووشی دەنگە کۆنسنانتەکان دەبن، بەراورد بە دەگە ڤاوڵەکان، لەلایەکی تریشەوە فۆنەتیکی فیزیکی ئەوەی سەلماندووە کە لەکاتی دروسبوونی دەنگە کونسناتەکان خولی دەنگەکان بەشێوەیەکی نارێك دەڕۆن، بۆیە کۆنسنانتەکان بە دەنگە نارێکەکان دەناسرێن(عەبدولواحێد مشیر دزەیی ، دانا تحسین محەمەد ، عەبدولڕەحمان سالح : 2013 : 67).

1/2/- هۆکاری نەخۆشییە زمانیەکانی ئاستی دەنگسازی:

1/1/2- هۆکاری ئەندامی :

نەخۆشییەکانی گوتن لە ئاستی دەنگسازیدا لە هەندێ حاڵەتدا ئەندامییە و پەیوەستە بە ناتەواوی و کەموکورتییەکانی ئەندامەکانی درکاندن ، یا کۆئەندامی گوتن ، لەوانەش وەك:

1- شەقبوون یان کونبوونی مەڵاشوو:

ئەم دیادەیە کاریگەری لەسەر ئەو دەنگانە دەبێت کە سازگەی دروستبوونیان مەڵاشووی نەرم یان مەڵاشوی ڕەقە ئەویش وەکو دەنگەکانی .( ك ، گ ، چ ، ج ، ش).

2- سستی نەرمە مەڵاشوو:

یەکێکی ترە لە نەخۆشییە ئەندامییەکانی بواری دەگسازی ، کەسی تووشبوو زۆر جار لەکاتی درکاندنی دەنگە زارییەکاندا بەهۆی ناچالاکی نەرمە مەڵاشووە، ناتوانێت ڕێڕەوی لووت بەتەواوی دابخات بۆیە هەندێك لەو هەوایەی کە دەبێت لەزارەوە بێنە دەرێ لە ڕێڕەوی لوتەوە دەربازدەبن. یان لە ئەنجامی بوونی کون یان بۆشایی لە قورگ ئەمەش جۆرێك لە گنانەن ، منگی درووست دەکات. (بەهرە محەمەد عەبدول،25 :2015).

3-شەقبوونی لێو

ئەم دیاردەیە دەبێتە گرفت لەبەردەم درکاندنی ئەو دەنگانە کە سازگەی درووسبوونیان لێوییەکانە یان لێو و ددانە وەك (ب ، پ ، ف ، ڤ ) یاخود ئەو دەنگانەی سازگەی درووستبوونیان نزیکە لە لێوەکان وەك (ت ، د ، ن).

4-نەخۆشی چینی دەنگی

ئەم نەخۆشییە زیاتر تووشی دەنگەژێکانی مرۆڤ دەبێتە ، وەك ئەو پیاوانەی دەنگیان ژنانەیە ، یان ئەو ژنانەی دەنگیان پیاوانەیە. ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە پێکهاتەی دەنگە ژێکانەوە هەیە لەڕوی پێکهاتەو خێرا لەرینەوەیان.

5-دەنگنووسان

هۆکاری ئەم نەخۆشییە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵئاوسانی ماسولکەکانی قورگ و گەرو ، کە لەوانە بەهۆی هاوارکردن و قسەکردن

بەدەنگی بەرز یاخود بەهۆی سەرماوە ، یان هەر نەخۆشییەکی تر کە تووشی قورگ دەبێت و دەبێتە مایەی دەنگ نووسان.

**هۆکاری نائەندامی**

جگە لە هۆکاری ئەندامی، لەزۆربەی توێژینەوەکان کە کراون تێکچوونی دەربڕینی دەنگەکان بەهۆکاری نائەندامی، بە هۆکارە ئەرکییەکان ناسراون (Function Disorders) ، هەروەك نەخۆشی ئەفۆنیا (Aphonia) کە بریتییە لە لەدەستدانی توانای دروستکردنی دەنگ ،(هستری) کە زۆربەی جار بە هۆی ناجێگیری باری دەروونی و بڕوا بەخۆ نەبوون بەتایبەتی لە منداڵدا، هەرچەند ئەندامەکانی درکاندن و ئاخاتن بێ کەموکوڕی بێت و زۆربەی کاتیش بۆ هۆکاری پەروەردە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هۆکاری دەروونی دەگەڕێتەوە.

ئەم نەخۆشییە بەپێی تەمەنی منداڵ بەتایبەت لەکاتی زمان پژاندا باوەو دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە ( عمر محمد خطاب: 2011 : 76 ). لەوانەش :

1- گۆڕینی دەنگێك بە دەنگێکی تر ، یا جێگۆرکێی دەنگ، بەتایبەت ئەو دەنگانەی سازگەی دروستبوونیان یەکن یان نزیکن لە یەکەوە

گۆڕینی دەنگی (ر بۆ ن) برنج ..... بننج.

یان گۆڕینی دەنگی (ق بۆ ك ) بۆق ......بۆك .

2-لابردنی دەنگ، یان پەڕاندنی دەنگێك لە وشەیەکدا کاردەکاتە سەر توانای تێگەیشتن، ئەم دیاردەیە زیاتر لە دەنگە کۆنسنانتە کپەکاندا ڕوودەدات بەتایبەت لە کۆتایی وشەدا.

وەك : گۆشت ...گۆش ......... پشت ...پش.

3-زیادکردنی دەنگ : بریتییە لە زیادکردنی دەنگێك یان فۆنێمێك بۆ وشە ، یان چەندبارە کردنەوەی دەنگێك ، لە وشەیەکدا کە دەبێتە هۆی تێکدانی وشەکە.هەندێ جار بە (لەجلەجە) ناودەبرێت. وەك : چچچچچاوم دددددێشێ.

ئەوەی تێبینی دەکرێت هەمان ئەم دیاردانەی سەرەوە دەکرێت لە ڕووی یاسادەنگییەکانی زمانەوە ، یان لە یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت و بەرجەستەبن ، ڕوو بدەن ، بەڵام جیاوازییەکەیان لە هۆکاری ڕوودان و سەرهەڵدانی دیاردەکاندایە، چونکە ئەم دیاردەیە لە یاسادەنگییەکاندا بەهۆی (بوونی زارو شێوەزاری جیواز و باری کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیری ئاخێوەران و ئاسان دەربڕین و بەکارهێنانی کەمترین وزە ...هتد) دێنە کایەوە .

شایەنی باسە لەزۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەرنەخۆشییەکانی زمانگرتن (زمان قورسی)کراوە ، کە لە چەند جۆرێکدا خۆی دەبینێتەوە بەشێوەیەکی گشتی باسیان لێوەکراوە ، واتە لەژێر هیچ ئاستێك لە ئاستەکانی زماندا پۆلێن نەکراون ، بەڵام ئێمە پێمان وایە دەکرێت لە ئاستی دەنگسازی/فۆنۆلۆجی، بۆ نەخۆشییەزمانییەکان دابنرێن . لەوانەش :

1-زمان قورسی لاڵی (التأتأة) کەسانی توشبوو بەم نەخۆشییە بەتەواوی دەزانێت چی دەڵێت و مەبەستی چییە یان چی دەوێت، بەڵام توانای وتنی نییە، لەم حاڵەتەدا هەندێك دەنگ یان هەندێك بڕگە دووبارە دەکاتەوە .

2-تێکەڵو پێکەڵی دەربڕین (زمان قورسی / فأفأە)کەسی توشبوو هەمان حاڵەتی (التأتأە)ی هەیە بەڵام دەنگی (فا) دووبارەدەکاتەوە.(بەهرە محەمەد عەبدولکەریم : 2015 : 24).

3-فسك : ئەم جۆرە نەخۆشییەی زمان، ئاخاوتن دەشێوێنێ ئەو دەنگەی کە بەهۆی ئەم نەخۆشیەوە دروست دەبێت لەهیچ زمانێکدا فۆنێمی تایبەتی بۆ دانەنراوە، وەك گۆڕینی (س ، ز ، ش) بە (ث) ، بەڵام دەنگی ئەم (ث)یە سازگەی دروستبوونی جیاوازە لەو فۆنێمەی کە لە زمانی (عەرب و ئینگلیزی)دا بوونی هەیەو لەرێگەی بەرکەوتنی نووکی زمان و دانەکانی سەرەوەی مرۆڤ دروست دەبێت ، ئەم دەنگە جیاوازە کاتێك درووست دەبێت کە بەشی پێشەوەی زمان لەگەڵ مەلاشوی ڕەق ڕێگە لەو هەوایە دەگرن کە لە سیەیەکانەوە هاتووە ، هەوا بە قەراغ(کەنار)ی زمانەوە دەربازدەبێت و ئەم دەنگە دروست دەکات.

بەرهەم هێنانی هەڵەی دەنگی بەشێوەیکی گشتی پۆلکراوە بۆ:

1-هەڵە لەسەر بنەمای بزواندن کەپێی دەوترێت پەککەوتنی ئارتیکولەیشن.

2-هەڵە لەسەر بنەمای درکاندن یان زمانەوانی کە ئاماژەیە بۆ پەککەوتنی پرۆسەی فۆنۆلۆجی کە بە ئاریشەی فۆنۆلۆجی ناودەبرێت ، و بریتییە لە هەڵە ی بەرهەمهێنانی دەنگ لەڕووی زمانەوانییەوە ، کە لە ئەنجامی پەککەوتنی ڕێکخستنی فۆنێمەکان یان مۆرفێمەکان لە ئاخاوتندا درووست دەبێت. بۆ نمونە : منداڵ دەکرێت بە دروستی دەنگەکان بەرهەم بهێنێت بەڵام کێشەی ڕێکخستنی ئەم دەنگانەی هەیە لە یەکەی گەورەتردا (بەهرە محەمەد عەبدولکەریم : 2015 : 33).

**ئەنجـــام**

لە کۆتاییدا گەیشتینە ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

1- توانای زمانەوانی فرمانێکی ژیرییە مرۆڤ پێ جیادەکرێتەوە لە گشت بوونەوەرەکانی تر، ئەم توانایەش خۆی لە سامانی زمانەوانی و تێگەیشتنی و درکاندنی ورد، بۆ گەلەوشەکان دەنوێنێ، ئەم پرۆسەیەش(بەرهەمهێنان و تێگەیشتن) پێویستی بەخستنە کاری هەموو ئەندامەکانی ئاخاوتن و

بیستن هەیە، بوونی هەر گرفتێك لەم ئەندامانە ئەوا گرفتە بۆ پرۆسەی پەیوەندیکردن.

پرۆسەی بەرهەمهێنانی دەنگەزمانییەکان پرۆسەیەکی هەروا ئاسان نییە ، توێژینەوە لە زانستی نەخۆشییە زمانییەکان، لەم قۆناغەی ئەمڕۆدا بۆتە جێی گرنگی و بایەخی زۆرێك لە توێژەران ، بە تایبەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، وە ئەم زانستە دەکرێت لەڕوانگەی چەند لقێکی تری زمانەوانییەوە توێژینەوەو دراسە بکرێت ، وەك زمانەوانی (دەماری و دەروونی و کلینکی).

2-هۆکاری ئەم نەخۆشییە تەنها پەیوەست نییە بە (هۆکاری ئەندامی) یا ناتەواوی و کەموکوڕی کۆئەندامی دەربڕین و بیستن ، بەڵکو هەندێك جار دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دەرونی و ژینگەی کۆمەڵایەتی.

3-ئەم نەخۆشییە تایبەت نییە بە یەك ئاست لە ئاستەکانی زمان بەڵکو ، دەکرێت لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕووبدات ، بەپێی جۆری تێکچوونی ئەو ئەندامانەی بەرپرسن لە کردەی ئاخاوتن.

4- نەخۆشییە زمانییەکانی ئاستی دەنگسازی سەرەتای دروستبوونی ئاریشەی زمانییە بۆ هەمووئاستەکانی تری زمان، و لەم ئاستەدا گرفت زیاتر توشی دەنگە کۆنسنانتەکان دەبن بە بەراورد بە دەنگە ڤاوڵەکان، وە هەر گۆڕانێکی بچوك لەو یەکە دەنگیانە (فۆنێم) ڕوو بدات ، بێگومان دەبێتە هۆی گۆڕان لە مۆرفێم و وشەکاندا.

## سەرچاوەکان


1-پۆل فلیتشەر ، و ، ئەمیر محەمەد محەمەدئەمین ، (2014) ، دارِمانی زمان نەخۆشییەکانی زمان و چارەسەر کردنی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

2-دەروون عبدالحمن ساڵح ، (2012) ، ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا لە بڵاو کراوەکانی ئەکادیمیای کورد – هەولێر.

3-عبدولواحید موشیر دزەیی ، (2014) ، زمانەوانی دەروونی ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە- هەولێر.

4-عەبدولواحید موشیر دزەیی ، دانا تەحسین محەمەد ، دەروون عەبدولڕەحمان ساڵح ، (2012) فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی ، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە- هەولێر.

5-عبدالکریم محمد شنطاوی، و ، ئازاد ئەمین باخەوان و ناصح محەمەد ، (2011) ، گەشەکردنی زمانی منداڵ – سلیمانی.

6-کەریم شەریف قەرەچەتانی ، (2010) ، نەخۆشی و گرفتە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان ، چاپی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند – سلێمانی.

7-نایف خرما ، و ، شهاب شێخ طیب، (2013) ، چەند تیشکێك بۆ سەر لێکۆڵینەوە زمانەوانییە هاوچەرخەکان ،چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی- کەرکوك.

8-یارا قادر حەمەد ، (2015) ، گیروگرفت و نەخۆشییەکانی گوتن و چارەسەرکردنیان ، چاپخانەی کارۆ- هەولێر.

9-یوسف شەریف سەعید ، (2011) ، زمانەوانی چاپخانەی ڕۆژهەڵات – هەولێر.

ئاڤێستا کەمال مەحمود،(2013)پرۆسە سایکۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ،زانکۆی سلێمانی.

2- بەهرە محەمەد عەبدولکەریم ، (2015) ، شرۆڤەی ئاریشە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا (دیسلکسیا لە فێربوونی زمانی دوهەمدا وەك نموون ، نامەی ماستەرزانکۆی سلێمانی.

3- سەلام ڕەحیم ڕەشید (2014) ، یاسافۆنۆلۆجییەکان لە شێوەزاری خانەقیندا ، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە،

دووەم : سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی :

1- جمعة سيد يوسف ،(1990)، سيكولوجية اللغة والمرض العقلي، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب – الكويت.

2- صهيب سليم محاسيس ، (2012) ، عيوب الكلام في تراث اللغوي العربي ، دار ومكتبة الحامد للنشروالتوزيع – عمان.

3- عمر محمد خطاب ، (2011) ، مقايس في صعوبات التعلم، مكتبة المجتماع العربي للنشروالتوزيع –عمان.

4- محمد حسن عبدالعيز ، (1991) ، مدخل الى علم اللغة ، جامعة القاهرة ، كلية دار العلوم- القاهرة.

5- محمد محمد داود ، (2001) ، العربية وعلم اللغة الحديثة ، دار غريب للطباعة والنشروالتوزيع – القاهرة.

6- محمود احمد السيد ، (2014 – 2015)، علم النفس اللغوي ، منشورات جامعة دمشق.

7- نادر احمد جرادات ، (2009) ، الاصوات اللغوية عند ابن سينا عيوب النطق وعلاجه ، الاكاديميون للنشروالتوزيع – عمان.

https://www.scribd.com/doc265837047

-والكلام-النطق- اضطراباتppt.

2- https://mowdoo3.com/-علاج-اضطرابات-النطق-والكلام-عند-الاطفال

.3- www.misd.net/seconsult/Articulation/pdf